جمعية خدمة المحتوى الإسلامي باللغات

# کێ گەردوونی خوڵقاندووە؟
# وکێ منی خوڵقاندووە؟ وبۆچی؟

مَنْ خَلَقَ الكَونَ؟ وَمَنْ خَلَقَنِي ؟ وَلِمَاذَا؟

كردي سوراني

سۆرانی

لژنا زانستی یا جڤاتا خزمەتکرنا بابەتێن ئیسلامی ب زمانان

مَنْ خَلَقَ الكَونَ؟ وَمَنْ خَلَقَنِي؟ وَلِمَاذَا؟

# کێ گەردوونی خوڵقاندووه؟ وکێ منی خوڵقاندووه؟ وبۆچی؟


اللَّجْنَةُ العِلْمِيَّةُ

بِجَمْعِيَّةِ خِدْمَةِ المُحْتَوَى الإِسْلَامِيِّ بِاللُّغَاتِ

لژنا زانستی یا جڤاتا خزمەتکرنا بابەتێن ئیسلامی ب زمانان

بِسْمِ اللَّهِ الرَّحْمَنِ الرَّحِيمِ

## کێ گەردوونی خوڵقاندووە؟ وکێ منی خوڵقاندووە؟ وبۆچی؟

ئایا من لەسەر ڕێگای ڕاستم؟

کێ ئاسمانەکان وزەوی وئەوەی تێیاندایە لە بوونەوەرە مەزنەکان کە ناتوانین بەتەواوی پەییان پێ بەرین خوڵقاندویەتی؟

کێ ئەم ڕێکخستە وردەی دروست کردووە لە ئاسمانەکان وزەوی؟

کێ مرۆڤی خوڵقاندووە، وبیستن وبینین وئەقڵی پێبەخشیووە، و وایلێکردووە بتوانێت زانست بەدەست بهێنێت پەی بە ڕاستیەکان ببات؟

کێ ئەم دروستکراوە وردەی بەدیهێناوە لە ئەندامەکانی لاشەت، و لەسەر جوانترین شێوە وێنەی تۆی کێشاوە؟

تێڕامان بکە بۆ بوونەوەرە زیندووەکان سەرەڕای جیاوازیان، کێ بەدیهێناون بەدیمەنی جوان وجیاوازی بێسنوور؟

ئەم گەردوونە چۆن ڕێکخراوە وجێگیرە بەپێی یاساکان ؛ کە زۆر بەوردی گەردوونیان ڕێکخستووە بەدرێژایی هەزارەها

ساڵ؟

کێ ئەم ڕێکخستنانەی داناوە ؛ کە ڕکێف بەم جیهانەوە دەکەن (ژیان ومردن، وزۆربوونی زیندەوەرەکان، وشەو ورۆژ، وهاتن ورۆیشتنی وەرزەکان، وهتد)؟

ئایا خودی ئەم گەردوونە خۆی دروستکردووە؟ یان لە نەبوونەوە هاتووە؟ یان بە ڕێکەوت هاتووە؟ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿أَمْ خُلِقُوا مِنْ غَيْرِ شَيْءٍ أَمْ هُمُ الْخَالِقُونَ ﴿٣٥﴾ أَمْ خَلَقُوا السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ بَلْ لَا يُوقِنُونَ ﴿٣٦﴾﴾

**﴿ئایا ئەوانەبەبێ هیچ شتێک، هیچ هۆیەک، هاتوونەتەکایەوە؟! یان هەر خۆیان دروستکارن؟! (٣٥)**

**ئەی ئایا ئەوان ئاسمانەکان وزەوییان دروست کردووە (نەخێر وا نیە) بەڵکو دڵنیا نین وگومانیان هەیە﴾ (٣٦)**

[الطور:٣٥-٣٦].

ئەگەر ئێمە خۆمانمان دروست نەکردبێت، ومەحاڵە لە نەبوون یان لە ڕێکەوتەوە هاتبێتینە دی ؛ بۆیە ئەو هەق وڕاستیەی گومانی تێدا نیە ئەمەیە: ئەم گەردوونە دەبێت خوڵقێنەرێکی مەزن ودەسەڵاتداری هەبێت، چونکە مەحاڵە ئەم گەردوونە خۆی دروست کردبێت! یان لە نەبوونەوە

هاتبێت! یان لە ڕێکەوتەوە هاتبێت!

بۆچی مرۆڤ باوەڕی بە هەندێك شت هەیە لەكاتێكدا نایانبینێت؟ وەكو: (هەست كردن وئەقڵ وڕۆح وسۆز وخۆشەویستی) ئایا بەهۆی ئەوە نییە كە شوێنەوار وكاریگەرییان دەبینێت؟ ئیتر چۆن مرۆڤ نكۆڵی دەكات لە بوونی خوڵقێنەری ئەم گەردوونە مەزنە ؛ لەكاتێكدا شوێنەواری خوڵقێنراوەكانی ودروستكراوەكانی ورەحمەتی دەبینێت؟

هیچ كەسێكی ئاقڵ قبوڵ ناكات ئەگەر پێی بووترێت: ئەم خانووە هەیە بە بێ ئەوەی كەس دروستی كردبێت! یان پێی بووترێت: هیچ ئەم خانووەی هێناوەتە بوون! ئیتر چۆن هەندێك خەڵك باوەڕیان وایە كە ئەم گەردوونە مەزنە بەبێ خوڵقێنەر هاتۆتە بوون؟ چۆن مرۆڤی ژیر قبوڵ دەكات ئەگەر پێی بووترێت ئەم ووردی وڕێكیە لە گەردووندا بە ڕێكەوت هاتووە؟

هەموو ئەمانە دەمانگەیەنن بە یەك ئەنجام، ئەویش ئەوەیە ئەم گەردوونە پەروەردگارێكی مەزن ودەسەڵاتداری هەیە كە بەڕێوەی دەبات، وبە تەنها ئەو شایستەی پەرستنە، وهەر شتێك كە دەپەرسترێت جگە لە الله ؛ پوچەڵە، وشایستەی پەرستن نییە.

## پەروەردگاری خوڵقێنەر ومەزن

یەك پەروەردگاری خولقێنەر هەیە، ئەو پادشایە وبەڕێوەبەر وڕۆزیدەرە وژیەنەرە ومرێنەرە، وزەوی دروستکردووە وڕامی کردووە، و وایلێکردووە گونجاو بێت بۆ خوڵقێنراوەکانی، وئاسمانەکان وئەوەی تێیاندایە دروستی کردووە لە خوڵقێنراوە مەزنەکان، وخۆر ومانگ وشەو وڕۆژی بەم شێوە وردە ڕێکخستووە ؛ هەمووی بەڵگەن لەسەر مەزنی ئەو زاتە میهرەبانە.

هەر ئەو پەروەردگارە هەوای بۆ ئێمە ڕامکردووە ؛ کە ژیانمان بەبێ هەوا بەردەوام نابێت، وبارانمان بۆ دادەبەزێنێت ودەریا وڕووبارەکانی بۆمان ڕامکردووە، وخۆراکمان پێدەبەخشێت ودەمانپارێزێت هەر لەو کاتەوەی کۆرپەلە بووین لەنێو سکی دایکمان بەبێ ئەوەی هیچ هێز وتوانایەکمان هەبێت، و وایکردووە کە خوێن بە نێو دەمارەکانمان هاتوچۆ بکات ودڵمان لێبدات بە بەردەوامی لەو ڕۆژەوەی لەدایك بووین هەتاوەکو دەمرین.

## ئەم پەروەردگارە کە خوڵقێنەر وڕۆزیدەرە ؛ الله یە سبحانە وتعالی

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ رَبَّكُمُ اللَّهُ الَّذِى خَلَقَ السَّمَاوَاتِ وَالْأَرْضَ فِى سِتَّةِ أَيَّامٍ ثُمَّ اسْتَوَى عَلَى الْعَرْشِ يُغْشِى اللَّيْلَ النَّهَارَ يَطْلُبُهُ حَثِيثًا وَالشَّمْسَ وَالْقَمَرَ وَالنُّجُومَ مُسَخَّرَاتٍ بِأَمْرِهِ أَلَا لَهُ الْخَلْقُ وَالْأَمْرُ تَبَارَكَ اللَّهُ رَبُّ الْعَالَمِينَ ﴿٥٤﴾﴾

**واته: ﴿بەڕاستی پەروەردگارتان ئەو خوایەیە کە ئاسمانەکان و زەوی لەشەش ڕۆژدا دروستکردووە پاشان (خوا) بەرز وبڵند بوویەوە لەسەر عەرش بە (تاریکایی) شەو (ڕۆشنایی) ڕۆژ دادەپۆشێت (بەپێچەوانەشەوە) (ڕۆژ بەشوێن شەووەیە بەخێرایی) وشەو بەشوێن ڕۆژەوەیە بەخێرایی خۆر و مانگ و ئەستێرەکانیش ژێر بار کراوون بەفەرمانی خۆی بێداربن کەبەدیهێنان و فەرماندان هەر بۆ خوایە پاک و بێگەردە (لەهەموو کەم وکورتیەک) خوای پەروەردگاری هەموو جیهانیان﴾** [الأعراف:٥٤].

الله پەروەردگار وخوڵقێنەری هەموو شتێکە کە لە گەردووندا دەیبینین وخوڵقێنەری ئەوانەیشە کە نایانبینین، هەموو شتێك جگە لە ئەو زاتە مەزنە ؛ خوڵقێنراوێکە لە خوڵقێنراوەکانی، تەنها ئەو شایستەی پەرستنە، ونابێت هیچ یەکێکی تر لەگەڵ ئەودا بپەرسترێت، هیچ هاوبەشێکی نییە لە موڵك وخوڵقاندن وبەڕێوەبردن وپەرستنیدا.

ئەگەر بۆ گریمانەی گفتوگۆ وایدابنێین کە خوای تر هەیە لەگەڵ پەروەردگار -جل جلاله- ؛ ئەوا گەردوون تێکدەچوو، چونکە مەحاڵە وناکرێت دوو خوا لە یەك کاتدا گەردوون بەڕێوە ببەن، خوای گەورە -سبحانە وتعالی- دەفەرموێت:

﴿لَوْ كَانَ فِيهِمَا آلِهَةٌ إِلَّا اللَّهُ لَفَسَدَتَا...﴾

**واتە: ﴿ئەگەر لە هەردووکیاندا (لە ئاسمان و زەویدا) چەند خوایەکی تر هەبوایە غەیری (اللّٰه)، ئەوە کاول و وێران دەبوون و تێک دەچوون بەسەر یەکدا﴾**
[الأنبياء:٢٢].

## سیفەتەکانی پەروەردگاری خوڵقێنەر

پەروەردگار -سبحانە وتعالی- زۆر ناوی جوانی هەیە کە لە ژماردن نایەن، هەروەها زۆر سیفەتی مەزنی هەیە کە ئاماژەن بۆ کەماڵی ئەو زاتە میهرەبانە، لە ناوەکانی: (الخالق:خوڵقێنەر)، (اللّٰه) ماناکەی: ئەو زاتەی کە شایستەی پەرستنە بەتەنها وهیچ هاوبەشێکی نییە، و(الحي:زیندوو)، و(القیوم:ڕاگر)، و(الرحیم:میهرەبان)، و(الرزاق:ڕۆزیدەر)، و(الکریم:بەخشندە)،

خوای گەورە لەقورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿اللَّهُ لَا إِلَٰهَ إِلَّا هُوَ الْحَيُّ الْقَيُّومُ لَا تَأْخُذُهُ سِنَةٌ وَلَا نَوْمٌ

لَهُ مَا فِي السَّمَوَاتِ وَمَا فِي الأَرْضِ مَنْ ذَا الَّذِى يَشْفَعُ عِنْدَهُ
إِلَّا بِإِذْنِهِ يَعْلَمُ مَا بَيْنَ أَيْدِيهِمْ وَمَا خَلْفَهُمْ وَلَا يُحِيطُونَ
بِشَيْءٍ مِنْ عِلْمِهِ إِلَّا بِمَا شَاءَ وَسِعَ كُرْسِيُّهُ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضَ
وَلَا يَئُودُهُ حِفْظُهُمَا وَهُوَ الْعَلِيُّ الْعَظِيمُ ﴿٢٥٥﴾

واته: ﴿خوا زاتێکه جگه له ئەو هیچ یەکێکی تر پەرستراوی هەق نیە -جگە لە ئەو هیچ یەکێکی تر شایستەی پەرستن نیە بەهەق وڕاستی- و ئەو هەمیشە زیندووە و ڕاگرو سەرپەرشتیاری (هەموو دروست کراوەکانیەتی)، نە وەنەوز دەیگرێت و نە خەو (چونکە ڕاگرو سەرپەرشتیاری بوونەوەرە)، هەرچی لە ئاسمانەکان و هەرچی لە زەویدا هەیە هەر ئەوزاتە خاونیەتی، کێ یە ئەوەی (دەتوانێت) تکا بکات لە لای ئەو، بەبێ مۆڵەتی خۆی، دەشزانێت چی لە ئێستاو داهاتوو و ڕابووردودا ڕوویداوەو ڕوودەدات، هیچ کام لە دروستکراوانی زانست و زانیاری تەواویان نیە دەربارەی زانیاری و زانستەکانی ئەو، مەگەر بەوەی کە خۆی بیەوێت فێریان بکات (ئەم پێشکەوتن و زانستەی سەردەم بەشێکی کەمن لە بەخششەکانی خوا)، فەرمانڕەوایی و دەسەڵات و زانینی ئەوزاتە هەموو ئاسمانەکان و زەوی گرتۆتەوە و پارێزگاریان

**بەلای خواوە هیچ گران نیە و ماندووی ناكات و هەر ئەو خوای بەرزو بڵند و گەورەیە﴾** [البقرة:٢٥٥].

وخوای گەورە دەفەرموێت:

**﴿قُلْ هُوَ اللَّهُ أَحَدٌ ۝١ اللَّهُ الصَّمَدُ ۝٢ لَمْ يَلِدْ وَلَمْ يُولَدْ ۝٣ وَلَمْ يَكُنْ لَهُ كُفُوًا أَحَدٌ ۝٤﴾**

**﴿ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: هەر ئەو (الله) یە خوای تاک وتەنها (١)**

**ئەو خوایەی بێ نیازە وجێی نیاز وئومێدی (باوەڕدارانە) (٢)**

**کەسی لێ نەبووە ولەکەس نەبووە (٣)**

**وە هەرگیز هیچ کەس هاوشێوە وهاوتای ئەو نیە (٤)﴾** [الإخلاص:١-٤].

## پەروەردگاری پەرستراو خاوەنی کامڵترین سیفەتەکانە

لە سیفەتەکانی: بەتەنها ئەو شایستەی پەرستنە وتەنها ئەو پەرستراوی هەقە، جگە لە ئەو خولقێنراوە ؛ ئەرکیان لەسەرە ولە ژێر دەسەڵاتی پەروەردگارن.

لە سیفەتەکانی: ئەو (الحي:زیندوو) و (القيوم:ڕاگرە) ؛ هەموو زیندوویەك لە بووندا خوای گەورە ژیانی پێبەخشیووە

وهێناویەتیە بوون لە نەبوونەوە، وئەو ڕاگریەتی لە بوون ورزق وپێویستیەکانی، پەروەردگار هەمیشە زیندووە ومەحاڵە بمرێت، ڕاگرە وهەرگیز ناخەوێت، وتەنانەت وەنەوزیش نایگرێ.

لە سیفەتەکانی: (العليم:زانایە) هیچ شتێك لێی ناشاردرێتەوە لە زەوی وئاسماندا.

لە سیفەتەکانی: (السميع:بیسەر) و (البصير:بینایە) ؛ هەموو شتێك دەبیستێت، وهەموو خوڵقێنراوەکان دەبینێت، دەزانێت دەروون چی وەسوەسەیەك دەکات بۆ مرۆڤ، وئەوەی لەنێو دڵەکاندا شاردراوەتەوە ؛ زانایە سەبارەتی، وهیچ شتێك لێی ناشاردرێتەوە لە زەوی وئاسماندا -سبحانه وتعالى-.

لە سیفەتەکانی: (القدير:بەتوانا ودەسەڵات) ؛ هیچ شتێك لە ژێر دەسەڵات وتوانای ئەو دەرناچێت، وهیچ یەکێك ناتوانێت خواستی ئەو ڕەت بکاتەوە، هەرچیەکی بوێت دەیکات، وهەرچیەکی بوێت قەدەغەی دەکات، وپێش دەخات ودوا دەخات وخاوەنی ئەوپەڕی دانایيە.

لە سیفەتەکانی: (الخالق:خوڵقێنەر) و (الرازق:ڕۆزیدەر) و (المدبر:بەڕێوبەر)ە ؛ خوڵقێنراوەکانی دروست کردن وژیانیان بەڕێوە دەبات، هەموو خوڵقێنراوەکان لەژێر دەستی ئەدان وملکەچن بۆ هێز ودەسەڵاتی.

له سیفەتەکانی: وەڵامی لێقەوماو دەداتەوە، و بەهانای بێ کەس دێت، ونارەحەتیەکان لادەبات، هەموو خوڵقێنراوێك ئەگەر تووشی نارەحەتی وکارەسات بێت بە ناچارییەوە پەنا بۆ ئەو دەبات.

پەرستن دەبێت تەنها بۆ الله بێت -سبحانه وتعالى-، ئەو کامڵە و بەتەنها ئەو شایستەی پەرستنە وهیچ یەکێکی تر جگە لە ئەو شایستەی پەرستن نییە، هەر شتێك بپەرسترێت جگە لە ئەو ؛ پەرستراوێکی پوچەڵە وکەموکورتی هەیە وتووشی مردن ونەمان دەبێت.

خوای گەورە ئەقڵی پێبەخشیووین بۆئەوەی هەست بکەین بە شتێك لە مەزنێتی ئەو زاتە، هەروەها فیترەتی لە ئێمەدا چاندووە کە خێر وچاکەی خۆشدەوێت، ورقی لە خراپە وشەڕە، وئارام دەبێت ئەگەر پەنا ببات بۆ الله پەروەردگاری جیهانیان، ئەم فیترەتە بەڵگەیە لەسەر کەماڵی پەروەردگار، وناکرێت ئەو زاتە بە کەموکورتی وعەیب وەسف بکرێت -سبحانه وتعالى-.

گونجاو نییە بۆ مرۆڤی ژیر کە شتێك بپەرستێت جگە لە ئەوەی کە کامڵ وبێ کەموکورتیە، ئیتر چۆن خوڵقێنراوێکی پڕ لە کەموکورتی دەپەرستێت کە وەکو خۆیەتی یان کەمترە!

پەرستراوی هەق کە شایستەی پەرستنە نابێت مرۆڤ وبت ودار وئاژەڵ بێت!

پەروەردگار لە سەرەوەی ئاسمانەکانیەتی، و لەسەر عەرشی خۆیەتی، جیاوازە لە خوڵقێنراوەکانی، هیچ یەکێك لە خوڵقێنراوەکانی بەشێك نین لە زاتی پیرۆز ومەزنی، وهیچ شتێك لە زاتی مەزنی بەشێك نین لە خوڵقێنراوەکانی، تێکەڵ وبەرجەستە نابێت لە هیچ یەکێك لە خوڵقێنراوەکانی.

هیچ شتێك وەکو پەروەردگار نییە، وئەو (السمیع:بیسەر) و (البصیر:بینایە)، هیچ یەکێك وشتێك هاوتای ئەو نییە، پێویستی بە هیچ یەکێك لە خوڵقێنراوەکانی نییە، ناخەوێت وناخوات، وئەو مەزنەیە کە ناکرێت هاوسەر ومنداڵی هەبێت ؛ پەروەردگار خاوەنی سیفەتەکانی مەزنیە، وناکرێت بە پێویستی وکەموکورتی وەسف بکرێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ ضُرِبَ مَثَلٌ فَاسْتَمِعُوا لَهُ إِنَّ الَّذِينَ تَدْعُونَ مِنْ دُونِ اللَّهِ لَنْ يَخْلُقُوا ذُبَابًا وَلَوِ اجْتَمَعُوا لَهُ وَإِنْ يَسْلُبْهُمُ الذُّبَابُ شَيْئًا لَا يَسْتَنْقِذُوهُ مِنْهُ ضَعُفَ الطَّالِبُ وَالْمَطْلُوبُ ﴿٧٣﴾ مَا قَدَرُوا اللَّهَ حَقَّ قَدْرِهِ إِنَّ اللَّهَ لَقَوِيٌّ عَزِيزٌ ﴿٧٤﴾﴾

**﴿ئەی خەڵکینە: نموونەیەك هێنراوەتەوە چاك گوێ**

**بۆ بگرن؛ بەڕاستی ئەوانەی کە هاناو هاواریان لێدەکەن لە غەیری خوا ؛ هەرگیز ناتوانن تاکە مێشێك دروست بکەن، هەرچەندە بۆ ئەو کارە کۆببنەوە و (یارمەتی یەکتریش بدەن) و ئەگەر مێش شتێکیان لێ بفڕێنێت، ناتوانن لێی بسەننەوە، داواکارو داوالێکراو هەردووکیان لاواز و بێ دەسەڵاتن. (٧٣)**

**ئەوانە (وەکو پێویست) قەدری خوایان بەچاکی نەزانی، ڕێزی پەروەردگاریان بەتەواوی نەگرت، لەکاتێکدا بەڕاستی خوا زۆر بەهێزو بە توانا و باڵادەستە (٧٤)﴾** [الحج: ٧٣-٧٤].

## بۆچی ئەم خوڵقێنەرە مەزنە ئێمەی خوڵقاندووە؟ چی لە ئێمە دەوێت؟

ئایا ماقوڵە خوای گەورە هەموو ئەم خوڵقێنراوانە دروست بکات بەبێ مەبەست، ئایا بێ هودە وتەنها بۆ گەمە دروستیانی کردووە لەکاتێکدا ئەو زاتە دانا وزانایە؟

ئایا ماقوڵە ئەو زاتە کە ئێمەی بەم وردی وڕێکیە دروستکردووە، وئاسمانەکان وزەوی بۆمان ڕامکردووە ؛ بەبێ مەبەست ئێمە بخوڵقێنێت، یان بەجێمان بهێڵێت بەبێ وەڵامدانەوەی گرنگترین پرسیارەکان کە بەردەوام لە هزرماندایە، وەکو: بۆچی ئێمە لێرەین؟ وچی هەیە لەپاش

مردن؟ ومەبەست چییە لە خولْقاندنمان؟

ئایا ماقوڵە ستەمکار سزا نەدرێت وچاکەکار خەڵات نەکرێت؟

خوای گەورە -سبحانه وتعالى- دەفەرموێت:

﴿أَفَحَسِبْتُمْ أَنَّمَا خَلَقْنَاكُمْ عَبَثًا وَأَنَّكُمْ إِلَيْنَا لَا تُرْجَعُونَ ١١٥﴾

**واتە: ﴿ئایا گومانتان وادەبرد کە بە ڕاستی ئێمە ئێوەمان بە بێ مەبەست دروست کردووەو ئێوە بۆ لای ئێمە ناهێنرێنەوە؟!﴾** [المؤمنون: ١١٥].

خوای گەورە پێغەمبەرانی نارد بۆئەوەی بزانین مەبەست لە بوونمان چییە، ورێنموێنی کردووین بۆ چۆنیەتی پەرستنی ونزیکبوونەوە لێی، وچی لە ئێمە دەوێت ! وچۆن ڕەزامەندی ئەو زاتە بەدەست بهێنین، هەروەها چارەنووسمانی ڕوونکردووەتەوە لە پاش مردن !

خوای گەورە پێغەمبەرانی نارد بۆئەوەی پێمان ڕابگەیەنن کە تەنها الله شایستەی پەرستنە، و بۆئەوەی بزانین چۆن بیپەرستین، و بۆئەوەی فەرمان ونەهی لێکراوەکان بە ئێمە ڕابگەیەنن، ورەوشت وبەها چاکەکان فێری ئێمە بکەن ؛ ئەگەر دەستیان پێوە بگرین ژیانێکی خۆشمان دەبێت کە پڕ

دەبێت لە خێر وبەرەکەت.

خوای گەورە پێغەمبەری زۆری ناردووە، وەکو: (نوح، ئیبراهیم، موسا، عیسا)، ویارمەتی داون وسەری خستون بە نیشانە وموعجیزەی زۆر کە بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆییان وئەوان پێغەمبەرن لەلایەن خوداوە -سبحانە وتعالی-، وکۆتا پێغەمبەر موحەمەدە -صلی اللّٰه علیه وسلم-.

پێغەمبەران زۆر بەڕوونی بە ئێمەیان ڕاگەیاندووە کە ئەم ژیانە شوێنی تاقیکردنەوەیە، وژیانی ڕاستەقینە لەپاش مردن دێت.

ئیمانداران کە اللّٰه یان پەرستووە بەتەنها وهاوبەشیان بۆی بڕیار نەداوە، وباوەڕیان بە هەموو پێغەمبەران هێناوە ؛ شوێنی هەتاهەتاییان بەهەشتە، وکافرەکان کە پەرستراوی تریان پەرستووە لەگەڵ اللّٰه یان بێباوەڕ بوون بە یەکێك لە پێغەمبەرانی خودا ؛ شوێنی هەتاهەتاییان دۆزەخە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا بَنِي آدَمَ إِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ رُسُلٌ مِنْكُمْ يَقُصُّونَ عَلَيْكُمْ آيَاتِي فَمَنِ اتَّقَى وَأَصْلَحَ فَلَا خَوْفٌ عَلَيْهِمْ وَلَا هُمْ يَحْزَنُونَ ﴿٣٥﴾ وَالَّذِينَ كَذَّبُوا بِآيَاتِنَا وَاسْتَكْبَرُوا عَنْهَا أُولَئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ

هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٣٦﴾﴾

﴿ئەی نەوەی ئادەم ئەگەر بۆتان هات پێغەمبەرانێک لە خۆتان ئایەتەکانی منیان بۆ خوێندنەنە جا هەر کەس خۆی پاراست (لە نا فەرمانی خوا) و کردەوەی چاکی کرد ئەوە مەترسیان لەسەر نیە وخەم و خەفەتیش ناخۆن (٣٥)

وە ئەوانەش کە بێ بڕوا بوون بەئایەتەکانی ئێمە و خۆیان بەزل دەزانی لەبەرانبەر ئەو ئایەتانەدا ئەوانە هاوەڵانی ئاگرن ئەوانە بەهەمیشەیی تیایدا دەمێننەوە(٣٦)﴾ [الأعراف:٣٥-٣٦].

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ اعْبُدُوا رَبَّكُمُ الَّذِي خَلَقَكُمْ وَالَّذِينَ مِنْ قَبْلِكُمْ لَعَلَّكُمْ تَتَّقُونَ ﴿٢١﴾ الَّذِي جَعَلَ لَكُمُ الْأَرْضَ فِرَاشًا وَالسَّمَاءَ بِنَاءً وَأَنْزَلَ مِنَ السَّمَاءِ مَاءً فَأَخْرَجَ بِهِ مِنَ الثَّمَرَاتِ رِزْقًا لَكُمْ فَلَا تَجْعَلُوا لِلَّهِ أَنْدَادًا وَأَنْتُمْ تَعْلَمُونَ ﴿٢٢﴾ وَإِنْ كُنْتُمْ فِي رَيْبٍ مِمَّا نَزَّلْنَا عَلَى عَبْدِنَا فَأْتُوا بِسُورَةٍ مِنْ مِثْلِهِ وَادْعُوا شُهَدَاءَكُمْ مِنْ دُونِ اللَّهِ إِنْ كُنْتُمْ صَادِقِينَ ﴿٢٣﴾

فَإِنْ لَمْ تَفْعَلُوا وَلَنْ تَفْعَلُوا فَاتَّقُوا النَّارَ الَّتِي وَقُودُهَا النَّاسُ
وَالْحِجَارَةُ أُعِدَّتْ لِلْكَافِرِينَ ﴿٢٤﴾ وَبَشِّرِ الَّذِينَ آمَنُوا وَعَمِلُوا
الصَّالِحَاتِ أَنَّ لَهُمْ جَنَّاتٍ تَجْرِي مِنْ تَحْتِهَا الْأَنْهَارُ كُلَّمَا رُزِقُوا
مِنْهَا مِنْ ثَمَرَةٍ رِزْقًا قَالُوا هَذَا الَّذِي رُزِقْنَا مِنْ قَبْلُ وَأُتُوا بِهِ
مُتَشَابِهًا وَلَهُمْ فِيهَا أَزْوَاجٌ مُطَهَّرَةٌ وَهُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٢٥﴾﴾

﴿ئەی خەڵکینە پەروەردگاری خۆتان بپەرستن، ئەو زاتەی کە ئێوە و پێشینانی ئێوەشی بەدی هێناوە، بۆ ئەوەی ڕێبازی خواناسی و تەقوا و پارێزکاری بگرنە بەر (٢١)

ئەو( خوایەی) کەزەوی بۆ ڕاخستوون وە ئاسمانی بۆ کردوون بەکۆشک (ئاسمانی بۆگێڕاون بەگومەزی) وەئاوی (بارانی) لەئاسمانەوە هێناوەتە خوارەوە ئەمجا دەری هێناوە بەو ئاوە هەموو جۆرە میوەو بەروبومێک بۆ ڕۆزیی ئێوە کەواتە هاوتا بۆخوا پەیدامەکەن. کەئێوە خۆتان دەزانن (بێ هاوتایە) (٢٢)

جا ئەگەر ئێوە لە دوو دڵیدان و گومانتان لەم (قورئانە پیرۆزە) هەیە کە دامانبەزاندووە بۆ بەندەی خۆمان موحەممەد (صلى الله عليه وسلم) ئەگەر بۆتان دەکرێت ئێوەش هەوڵ بدەن سوورەتێکی وەك ئەو بهێنن،

**هاوپەیمان و هاوکارەکانیشتان جگە لە خوا (بۆ ئەو مەبەستە) بانگ بکەن ئەگەر ئێوە ڕاست دەکەن (٢٣)**

**خۆ ئەگەر نەتانتوانی و هەرگیز نایشتوانن (کەواتە باوەڕبهێنن و) خۆتان بپارێزن لەو ئاگرەی: سووتەمەنیەکەی خڵکی و بەردە، کە بۆ بێ باوەڕ و خوانەناسان ئامادە کراوە (٢٤)**

**(ئەی پێغەمبەر ﷺ) مژدە بدە بەوانەی کە باوەڕیان هێناوەو کردەوە باشەکانیان کردووە کە بێگومان بۆئەوان هەیە بەهەشتانێک کە ڕووباری زۆر بەژێریاندا دەڕوات هەرکاتێ لەوێ ڕۆزیان بدرێت لە میوەهات دەڵێن:ئەمە ئەوەیە کەلەمە و پێش پێمان درا (جیاواز لەتام وبۆندا) ئێستا وێنەیان هێناوە, وەلەو بەهەشتانەدا بۆئەوان هەیە هاوسەرانی پاکیزە و وەئەوان لەو (بەهەشتانە) دا هەتا هەتایین (٢٥)﴾** [البقرة:٢١-٢٥].

## بۆچی چەندەها پێغەمبەر هەیە؟

خوای گەورە پێغەمبەرانی نارد بۆ ئومەتەکان، هەر ئومەتێك خوای گەورە پێغەمبەرێکی بۆ ناردووە بۆئەوەی بانگیان بکات بۆ پەرستنی پەروەردگاریان، وفەرمانپێکراوەکان ونەهی لێکراوەکانیان پێبگەیەنێت، ومەبەست لە بانگەوازی هەموویان بریتی بوو لە: پەرستنی الله بە تەنها -عز وجل-، و

وازهێنان یان شێواندنی پەیامی پێغەمبەران لە نێو هەر ئومەتێکدا سەری هەڵدابێت لە بابەتەکانی تەوحیدی -بەتاکدانانی- الله ؛ ئەوا خوای گەورە پێغەمبەرێکی تری ڕەوانەکردووە بۆئەوەی ڕێبازەکەیان بۆ ڕاست بکاتەوە، وخەڵکی بگەڕێنێتەوە بۆ سەر فیترەتی پاك وسەلامەت ئەمیش بە تەوحیدی الله وگوێڕایەڵیکردنی،

هەتاوەکو خوای گەورە کۆتایی بە پێغەمبەران هێنا بە ناردنی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، کە ئاین وشەریعەتی کامڵ وهەتاهەتایی هێنا بۆ هەموو مرۆڤایەتی وهەتاوەکو قیامەت دەمێنێتەوە، تەواوکار وهەڵوەشێنەرەوەی شەریعەتەکانی پێشووە، وپەروەردگار -جل وعلا- زامنی مانەوە وبەردەوامی ئەم ئاینەی کردووە هەتا ڕۆژی قیامەت.

## مرۆڤ نابێتە ئیماندار هەتاوەکو باوەڕ دەهێنێت بە هەموو پێغەمبەران

ئەوەی پێغەمبەرانی ناردووە ؛ الله یە، وفەرمانیکردووە بە گوێڕایەڵی کردنیان، وهەرکەسێك بێباوەڕ بێت بە یەکێك لە پێغەمبەران ئەوا بێباوەڕ بووە بە هەموویان، هیچ تاوانێك گەورەتر نییە لەوەی مرۆڤ وەحی خودا ڕەت بکاتەوە، بۆیە بۆ چوونە بەهەشت دەبێت مرۆڤ باوەڕ بهێنێت بە هەموو پێغەمبەران.

واجبە لەسەر هەموو تاکێك لەم سەردەمەدا باوەڕ بهێنێت بە الله وهەموو پێغەمبەران، وباوەڕ بهێنێت بە ڕۆژی دوایی، ئەمیش نایەتە دی هەتاوەکو باوەڕ دەهێنێت بە کۆتا پێغەمبەر موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- وشوێنی دەکەوێت، کە پەروەردگار سەریخست بە موعجیزەی هەتاهەتایی ئەویش قورئانی پیرۆزە، پەروەردگار زامنی پاراستنی ئەم کتێبەی کردووە هەتاوەکو ئەوکاتەی هەمو جیهان بۆلای ئەوزاتە پیرۆزە دەگەڕێنەوە

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا باسی ئەوەی کردووە هەرکەسێك باوەڕهێنان بە هەریەکێك لە پێغەمبەران ڕەت بکاتەوە ؛ ئەوا بێباوەڕە بە الله و وەحی بەدرۆ زانیوە، پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ يَكْفُرُونَ بِاللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيُرِيدُونَ أَنْ يُفَرِّقُوا بَيْنَ اللَّهِ وَرُسُلِهِ وَيَقُولُونَ نُؤْمِنُ بِبَعْضٍ وَنَكْفُرُ بِبَعْضٍ وَيُرِيدُونَ أَنْ يَتَّخِذُوا بَيْنَ ذَلِكَ سَبِيلًا ﴿١٥٠﴾ أُولَئِكَ هُمُ الْكَافِرُونَ حَقًّا وَأَعْتَدْنَا لِلْكَافِرِينَ عَذَابًا مُهِينًا ﴿١٥١﴾﴾

**﴿بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕن بەخواو پێغەمبەرەکانی وە دەیانەوێت جیاوازی بخەنە نێوان خوا و پێغەمبەرەکانی وە دەڵێن باوەڕ بەهەندێک (لەپێغەمبەران) دەهێنین وە باوەڕ**

**ناهێنن بەهەندێکی تریان و دەیانەوێت لەو نێوانەدا ڕێگەیەک بگرنەبەر (١٥٠)**

**ئا ئەو کەسانە بەڕاستی هەر بێ باوەڕن و بۆ بێ باوەڕان سزایەکی سەر شۆڕکەرمان ئامادەکردوە (١٥١)﴾** [النساء: ١٥٠-١٥١].

بۆیە ئێمەی مسوڵمان باوەڕمان بە اللّٰه ورۆژی دوایی هەیە -بەو شێوەی اللّٰه فەرمانی پێکردووە-، وباوەڕمان بە هەموو پێغەمبەران وکتێبەکانی پێشوو هەیە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿آمَنَ الرَّسُولُ بِمَا أُنْزِلَ إِلَيْهِ مِنْ رَبِّهِ وَالْمُؤْمِنُونَ كُلٌّ آمَنَ بِاللَّهِ وَمَلَائِكَتِهِ وَكُتُبِهِ وَرُسُلِهِ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْ رُسُلِهِ وَقَالُوا سَمِعْنَا وَأَطَعْنَا غُفْرَانَكَ رَبَّنَا وَإِلَيْكَ الْمَصِيرُ ﴿٢٨٥﴾﴾

**واتە: ﴿پێغەمبەرو ئیمانداران باوەڕیان هەیە بەوەی لە لایەن پەروەردگاریانەوە هاتۆتە خوارەوە، هەموویان باوەڕیان هەیە بە خواو فریشتەکانی و کتێبەکانی و پێغەمبەرەکانی (دەڵێن) هیچ جۆرە جیاوازیەک ناکەین لە نێوان هیچ پێغەمبەرێ لە پێغەمبەرەکانی خوادا (لە باوەڕدا)، هەروەها وتیان: گوێڕایەڵ و ملکەچین (بۆ بەدیهێنەرمان) پەروەردگارا لێخۆش بوونی تۆمان دەوێت و**

**سەرئەنجام هەر بۆ لای تۆیە گەڕانەوە﴾** [ البقرة:٢٨٥] .

## ئایا قورئانی پیرۆز چییە؟

قورئانی پیرۆز قسەی خوای گەورەیە -سبحانە وتعالی- و وەحی ئەو زاتەیە کە دایبەزاندووە بۆ سەر کۆتا پێغەمبەر موحەممەد -صلی اللە علیە وسلم-، مەزنترین موعجیزەو بەڵگەیە لەسەر ڕاستی پێغەمبەرایەتی ئەو -صلی اللە علیە وسلم-، قورئانی پیرۆز هەق وڕاستی تێدایە لە حوکمەکان وهەواڵەکانیدا، خوای گەورە بەرەنگاری بەدرۆخەرەوان بووەوە کە هاوشێوەی قورئان بهێنن تەنانەت لە سورەتێکیشدا بەڵام نەیانتوانی؛ ئەمیش بەهۆی مەزنی وگشتگیری ناوەڕۆکەکەی کە هەموو شتێکی گرتۆتەوە پەیوەست بە ژیانی مرۆڤ لە دونیا وقیامەتدا، وهەموو هەقیقەتە ئیمانیەکانی تێدا باسکراوە کە واجبە باوەڕمان پێیان هەبێت. هەروەها فەرمانپێکراوەکان ونەهی لێکراوەکان لەخۆ دەگرێت کە واجبە مرۆڤ پەیڕەوی بکات لەبەینی خۆی وپەروەردگاری، یان لەنێوان خۆی وخەڵکی، هەموو ئەمە بەشێوەیەکی باڵا لە ڕەوانبێژی وڕوونی. زۆر بەڵگەی ئەقڵی وهەقیقەتی زانستی لەخۆگرتووە کە بەڵگەن لەسەر ئەوەی ئەم کتێبە ناکرێت لە دروستکراوی مرۆڤ بێت، بەڵکو قسەی پەروەردگاری مرۆڤەکانە -سبحانە وتعالی-.

## ئایا ئیسلام چییه؟

ئیسلام بریتیه له ملكه‌چبوون بۆ خوای گه‌وره -سبحانه وتعالى- به ته‌وحید -یه‌ك خوا په‌رستی-، وگوێڕایه‌ڵبوونی، وفه‌رمانبه‌ردار بوون بۆ شه‌ریعه‌ته‌كه‌ی به ڕازیبوون، وبێباوه‌ڕ بوون به هه‌موو شتێك كه ده‌په‌رسترێت جگه له الله.

خوای گه‌وره پێغه‌مبه‌رانی به یه‌ك په‌یام ناردووه، ئه‌میش بریتیه له: بانگه‌وازی كردن بۆ ته‌نها په‌رستنی الله كه هیچ هاوبه‌شێكی نییه، وبێباوه‌ڕ بوون به هه‌موو شتێك كه ده‌په‌رسترێت جگه له الله.

ئیسلام ئاینی هه‌موو پێغه‌مبه‌رانه، یه‌ك بانگه‌وازییان هه‌بووه به‌ڵام شه‌ریعه‌ته‌كانیان جیاوازه، ئیمڕۆ ته‌نها مسوڵمان ده‌ستیانگرتووه به‌و ئاینه ڕاسته‌ی كه پێغه‌مبه‌ران پێی هاتوون، ته‌نها په‌یامی ئیسلام له‌م سه‌رده‌مه‌دا ڕاسته، وكۆتا په‌یامه له په‌روه‌ردگاره‌وه بۆ مرۆڤایه‌تی، ئه‌و په‌روه‌ردگاره‌ی ئیبراهیم وموسا وعیسای ناردووه -علیهم السلام- ؛ هه‌ر ئه‌ویش كۆتا پێغه‌مبه‌ری ناردووه موحه‌ممه‌د -صلى الله علیه وسلم-، شه‌ریعه‌تی ئیسلام هه‌ڵوه‌شێنه‌ره‌وه‌ی شه‌ریعه‌ته‌كانی پێشووه واتا چیتر نابێت حوكم وپه‌یڕه‌و به هیچ شه‌ریعه‌ت بكرێت جگه له ئیسلام.

هه‌موو ئه‌و ئاینانه‌ی ئیمڕۆ خه‌ڵكی شوێنی ده‌كه‌ون -جگه

له ئیسلام- ؛ هەمووی ئاینی دروستکراون لەلایەن مرۆڤەوە، یان ئاینی خودایی بوون بەڵام دواتر شێوێنران لەسەر دەستی مرۆڤەکانەوە ؛ بۆیە بوون بە تێکەڵەیەك لە خوراِفە وئەفسانەی بەجێماو وکۆششی مرۆڤەکان.

بەڵام ئاینی مسوڵمانان ؛ یەك ئاینە ورِوونە وناگۆرِێت، هەروەکو چۆن پەرستنەکانیان بۆ الله هەمووی یەکە، هەموویان پێنج نوێژ دەکەن، وزەکات دەدەن، ومانگی رِەمەزان بەرِۆژوو دەبن، تێرِامان بۆ دەستورەکەیان بکە کە قورئانی پیرۆزە ؛ یەك کتێبە لە هەموو وڵاتاندا، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿...ٱلۡيَوۡمَ أَكۡمَلۡتُ لَكُمۡ دِينَكُمۡ وَأَتۡمَمۡتُ عَلَيۡكُمۡ نِعۡمَتِي وَرَضِيتُ لَكُمُ ٱلۡإِسۡلَٰمَ دِينٗاۚ فَمَنِ ٱضۡطُرَّ فِي مَخۡمَصَةٍ غَيۡرَ مُتَجَانِفٖ لِّإِثۡمٖ فَإِنَّ ٱللَّهَ غَفُورٞ رَّحِيمٞ﴾

**واتە: ﴿ئەمرِۆ ئایینەکەتانم تەواو (کامڵ) کردوە بۆتان و چاکەو بەهرەی خۆم بەتەواوی رِشتووە بەسەرتاندا و رِازی بووم کەئیسلام ئایینتان بێت جا هەرکەس ناچار بوو لەبرسیەتیدا بێ ئەوەی نیەتی گوناهـ کردنی هەبێت (لەو گۆشتانە بخوات گوناهی ناگات) ئەوە بەرِاستی خوا لێخۆش بووی بەبەزەییە﴾** [المائدة:٣].

خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا دەفەرموێت:

﴿قُلْ آمَنَّا بِاللَّهِ وَمَا أُنْزِلَ عَلَيْنَا وَمَا أُنْزِلَ عَلَى إِبْرَاهِيمَ وَإِسْمَاعِيلَ وَإِسْحَاقَ وَيَعْقُوبَ وَالْأَسْبَاطِ وَمَا أُوتِيَ مُوسَى وَعِيسَى وَالنَّبِيُّونَ مِنْ رَبِّهِمْ لَا نُفَرِّقُ بَيْنَ أَحَدٍ مِنْهُمْ وَنَحْنُ لَهُ مُسْلِمُونَ ﴿٨٤﴾ وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾

**﴿(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: ئێمە باوەڕمان هێناوە بە خوای گەورە وە بەوەی نێردراوەتە خوارەوە بۆمان وە بەوەی کە نێردراوەتە خوارەوە بۆ ئیبراهیم وئیسماعیل وئیسحاق ویەعقوب وکوڕانی یەعقوب وە بەوەی کە دراوە بە موساو عیسا وە پێغەمبەرەکانی تر لە پەروەردگاریانەوە جیاوازی ناکەین لەنێوان هیچ کامێک لەم پێغەمبەرانە وە ئێمە بۆ خوای گەورە گەردن کەچین(٨٤)**

**و هەرکەسێک ئاینێکی تر پەیڕەو بکات جگە لە ئیسلام هەرگیز لێی قبوڵ ناکرێت لە قیامەتیشدا لە دۆڕاوەکان دەبێت (٨٥)﴾** [آل عمران:٨٤-٨٥].

ئاینی ئیسلام مەنهەجێکی گشتگیرە بۆ ژیان، بەپێی فیترەت

وئەقڵە، دەروونە ڕێکەکان قبوڵی دەکەن، خوڵقێنەر بۆ خوڵقێنراوەکانی دایناوە، وئاینی خێر وبەختەوەریە بۆ هەموو خەڵکی لە دونیا وقیامەتدا، جیاکاری ناکات لە نێوان نەتەوە وڕەنگەکان، هەموو خەڵکی یەکسانن، هیچ یەکێك باشتر نییە لە یەکێکی تر لە ئیسلامدا مەگەر بەپێی کردەوە چاکەکان نەبێت.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿مَنۡ عَمِلَ صَٰلِحٗا مِّن ذَكَرٍ أَوۡ أُنثَىٰ وَهُوَ مُؤۡمِنٞ فَلَنُحۡيِيَنَّهُۥ حَيَوٰةٗ طَيِّبَةٗۖ وَلَنَجۡزِيَنَّهُمۡ أَجۡرَهُم بِأَحۡسَنِ مَا كَانُواْ يَعۡمَلُونَ ٩٧﴾

**واتە: ﴿هەرکەس لە نێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێت و بیکات و بڕواداریش بوو بێت ئەوە سوێند بە خوا بە ژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین و سوێند بێ پاداشتیان بدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد﴾**
[النحل:٩٧]

## ئیسلام ڕێگای بەختەوەریە

ئیسلام ئاینی هەموو پێغەمبەرانە، وئاینی الله یە بۆ هەموو خەڵکی، ئاینێکی تایبەت نییە بە عەرەب.

ئیسلام ڕێگای ڕاستەقینەیە بۆ بەختەوەری لە دونیادا وبۆ نیعمەتی نەبڕاوە لە قیامەتدا.

ئیسلام تاکە ئاینە کە هەموو پێویستیە ڕۆحی ولاشەییەکانی مرۆڤ جێبەجێ دەکات، وهەموو کێشەکانی مرۆڤایەتی چارەسەر دەکات، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قَالَ اهْبِطَا مِنْهَا جَمِيعًا بَعْضُكُمْ لِبَعْضٍ عَدُوٌّ فَإِمَّا يَأْتِيَنَّكُمْ مِنِّي هُدًى فَمَنِ اتَّبَعَ هُدَايَ فَلَا يَضِلُّ وَلَا يَشْقَىٰ ﴿١٢٣﴾ وَمَنْ أَعْرَضَ عَنْ ذِكْرِي فَإِنَّ لَهُ مَعِيشَةً ضَنْكًا وَنَحْشُرُهُ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَعْمَىٰ ﴿١٢٤﴾﴾

**﴿(خوا) فەرمووی هەردووکتان برۆنە خوارەوە (لەبەهەشت) بەیەکەوە، (نەوەکانتان) دەبنە دوژمنی یەکتری جا ئەگەر (بە پێغەمبەراندا) پەیامتان بۆ هات لەلایەن منەوە ئەوسا ئەوەی شوێنی ڕێنمونی من بکەوێت ئەوە (لەدونیادا) گومڕا نابێت و (لەڕۆژی دوایشدا) تووشی ناخۆشی و زەحمەت نابێت (١٢٣)**

**ئەوەیش ڕوو وەربگێرێت لە بەرنامە و یادی من پشتی تێ بکات، بێگومان بۆ ئەو جۆرە کەسانە ژیانێکی تاڵ و ناخۆش پێش دێت، لە ڕۆژی قیامەتیشدا بەکوێری حەشری دەکەین (١٢٤)﴾** [طه:١٢٣-١٢٤].

## چی سوودێك بەدەست دەهێنم ئەگەر بێمە نێو ئاینی ئیسلامەوە؟

هاتنە نێو ئاینی ئیسلام زۆر سوودی هەیە، لەوانەیش:

- بردنەوە وشەرەفمەندی لە دونیادا بەوەی مرۆڤ دەبێتە بەندەی اللە، ئەگەر نا دەبێتە بەندەی هەوا وئارەزوو وشەیتان وشەهوەت.

- سەرکەوتن لە قیامەتدا ئەوەیە خوای گەورە لێی خۆش بێت، ولێی ڕازی بێت، وپەروەردگاری بیخاتە بەهەشتەوە، ورەزامەندی ونیعمەتی نەبڕاوە بەدەست بهێنێت، ومرۆڤ ڕزگاری دەبێت لە سزای دۆزەخ.

- ئیماندار لە قیامەتدا لەگەڵ پێغەمبەران وڕاستگۆیان وشەهیدان وچاکەکاران دەبێت، چەن هاوەڵێکی باش وچاکن ! ئەوەی باوەڕ نەهێنێت لەگەڵ ستەمکار وشەڕانگێز وتاوانبار وخراپەکاران دەبێت.

- ئەوانەی خوای گەورە دەیانخاتە بەهەشتەوە، لە نیعمەتی هەمیشەیی دەژین بەبێ: مردن ونەخۆشی وئازار وغەم وخەفەت، هەموو شتێك کە داوای دەکەن بۆیان جێبەجێ دەکرێت، وئەوانەی دەچنە دۆزەخەوە تووشی سزای بەردەوام ونەبڕاوە دەبن.

- لە بەهەشتدا ؛ چێژ وخۆشی وەهای تێدایە کە چاوەکان

نەیانبینیووە، وگوێیەکان نەیانبیستووە، وهەرگیز بە خەیاڵی هیچ مرۆڤێکدا نەهاتووە، لەو بەڵگانەیش لەسەر ئەم باسە؛ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿مَنْ عَمِلَ صَالِحًا مِنْ ذَكَرٍ أَوْ أُنْثَى وَهُوَ مُؤْمِنٌ فَلَنُحْيِيَنَّهُ حَيَاةً طَيِّبَةً وَلَنَجْزِيَنَّهُمْ أَجْرَهُمْ بِأَحْسَنِ مَا كَانُوا يَعْمَلُونَ﴿٩٧﴾﴾

**واتە: ﴿هەرکەس لە نێر یان لە مێ کردەوەی چاکی کردبێت و بیکات و بڕواداریش بوو بێت ئەوە سوێند بە خوا بە ژیانێکی خۆش دەیان ژیەنین و سوێند بێ پاداشتیان بدەینەوە بە چاکتر لەوەی کە ئەوان دەیانکرد﴾** [النحل:٩٧]. وخوای گەورە دەفەرموێت:

﴿فَلَا تَعْلَمُ نَفْسٌ مَّآ أُخْفِيَ لَهُم مِّن قُرَّةِ أَعْيُنٍ جَزَآءَۢ بِمَا كَانُواْ يَعْمَلُونَ ﴿١٧﴾﴾

**واتە: ﴿ئەمجا هیچ کەس نازانێت چی شاراوەتەوە بۆیان لە (بەهەشت دا کە هۆی) گەشبوونی چاوەکانن ئەم پاداشتە (دەدرێنەوە) بە هۆی ئەو کردەوانەی کە کردویانە﴾** [السجدة:١٧]

## تووشی چی خەسارۆمەندی وزیانێك دەبمەوە ئەگەر پەیڕەوکاری ئاینی ئیسلام نەبم؟

مرۆڤ گەورەترین زانست لەدەست دەدات ؛ ئەویش ناسینی الله یە وزانستە بە ئەو زاتە مەزنە، وباوەڕهێنان بە الله لەدەست دەدات کە ئەم باوەڕهێنانە هێمنی ودڵنیایی بە مرۆڤ دەبەخشێت لەگەڵ نیعمەتی نەبڕاوە وهەتاهەتایی لە قیامەتدا.

ومرۆڤ خوێندنەوە وتێڕامان وباوەڕهێنان بە گەورەترین کتێب لەدەست دەدات کە الله دایبەزاندووە بۆ خەڵکی.

هەروەها مرۆڤ هاوەڵبوون لەگەڵ پێغەمبەران لەدەست دەدات لە بەهەشتدا، وهاوەڵ دەبێت لەگەڵ شەیتانەکان وتاوانبارەکان وتاغوتەکان لە دۆزەخدا ؛ کە خراپترین شوێن وهاوەڵ لەوێیە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ إِنَّ الْخَاسِرِينَ الَّذِينَ خَسِرُوا أَنْفُسَهُمْ وَأَهْلِيهِمْ يَوْمَ الْقِيَامَةِ أَلَا ذَلِكَ هُوَ الْخُسْرَانُ الْمُبِينُ ﴿١٥﴾ لَهُمْ مِنْ فَوْقِهِمْ ظُلَلٌ مِنَ النَّارِ وَمِنْ تَحْتِهِمْ ظُلَلٌ ذَلِكَ يُخَوِّفُ اللَّهُ بِهِ عِبَادَهُ يَا عِبَادِ فَاتَّقُونِ ﴿١٦﴾﴾

﴿(بە بێ باوەڕان بڵێ) ئێوەش جگە لە خوا چیتان وویست بێ پەرستن بڵێ بێگومان زەرەرمەندان کەسانێکن کە خۆیان و کەسوکاریان لەدەستداوە لە ڕۆژی قیامەتدا بێدار بن، هەر ئەوەیە زەرەرۆمەندی ئاشکراو دیار (١٥)

بۆ ئەوان هەیە لەلای سەریانەوە چەند تەبەقێك (وەك هەوری ڕەش) لەئاگر و لەژێریشیانەوە چەند تەبەقێك هەیە ئەو (سزایە) خوا بەندەکانی خۆی پێ دەترسێنێت ئەی بەندەکانم خۆتان بپارێزن (لە سزای من)﴾ (١٦) [الزمر:١٥-١٦].

## ئەوەی دەیەوێت ڕزگاری بێت لە قیامەتدا ؛ دەبێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە وشوێنی پێغەمبەر موحەممەد بکەوێت صلى الله عليه وسلم

لەو هەقیقەتانەی کە هەموو پێغەمبەران کۆکن لەسەری -عليهم السلام- ئەوەیە هیچ کەسێك ڕزگاری نابێت لە قیامەتدا جگە لە مسوڵمانان نەبێت چونکە باوەڕیان بە الله هێنا ولە پەرستنیدا هیچ هاوبەشێکیان بۆی بڕیار نەدا، هەروەها باوەڕیان بە هەموو پێغەمبەران هێنا، هەموو شوێنکەوتووانی پێغەمبەران کە باوەڕیان پێهێنان و بەڕاستیان دانان ؛ دەچنە بەهەشتەوە، وڕزگاریان دەبێت لە دۆزەخ.

ئەوانەی لەسەردەمی موسا بوون وباوەڕیان پێهێنا وشوێنی

ڕێنموێنیەکانی کەوتن ؛ ئەوانە مسوڵمان وئیماندار وچاکەکارن، بەڵام پاش ئەوەی الله عیسای نارد ؛ واجب بوو شوێنکەوتووانی موسا باوەڕ بە عیسا بهێنن وشوێنی بکەون، ئەوەی باوەڕی بە عیسا هێنا بێت ؛ مسوڵمان وچاکەکارە، ئەوەی باوەڕهێنان بە عیسا ڕەت بکاتەوە وبڵێت: لەسەر ئاینی موسا دەمێنمەوە ؛ ئەمە ئیماندار نییە چونکە ڕەتی کردەوە باوەڕ بهێنێت بە پێغەمبەرێك کە خودا ناردوویەتی، پاش ئەوەی خوای گەورە کۆتا پێغەمبەری نارد ؛ موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-، واجبە لەسەر هەموو مرۆڤێك باوەڕی پێبهێنێت، ئەو پەروەردگارەی موسا وعیسای نارد ؛ هەر ئەویش کۆتا پەیامبەری نارد، بۆیە ئەوەی باوەڕ نەهێنێت بە پەیامی موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- وبڵێت: لەسەر ئاینی موسا وعیسا دەمێنمەوە ئەمە ئیماندار نییە.

تەنها بەس نییە بۆ کەسێك کە بڵێت: من ڕێز لە مسوڵمانان دەگرم، وبەس نییە بۆ ڕزگاربوونی لە قیامەتدا ؛ تەنها خێر بکات ویارمەتی هەژاران بدات، بەڵکو دەبێت باوەڕ بهێنێت بە الله وکتێبەکانی وپێغەمبەرانی ورۆژی دوایی ؛ بۆئەوەی خوای گەورە هەموو ئەو کردەوانەی لێ قبوڵ بکات! هیچ تاوانێك گەورەتر نییە لە شیرك وبێباوەڕبوون بە الله وبەو وەحیەی الله دایبەزاندووە یان ڕەتکردنەوەی

پێغەمبەرایەتی کۆتا پێغەمبەر موحەممەد -صلى الله عليه وسلم-.

جولەکە وگاورەکان وئەوانی تر کە سەبارەت بە پێغەمبەری خودا موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- بیسوویانە، وباوەڕپێهێنانی ڕەت دەکەونەوە ونایانەوێت بێنە نێو ئاینی ئیسلام ؛ ئەمانە لە ئاگری دۆزەخدا دەبن بۆ هەتاهەتایی، ئەمە حوکمی الله یە وحوکمی هیچ یەکێك لە مرۆڤەکان نییە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿إِنَّ الَّذِينَ كَفَرُوا مِنْ أَهْلِ الْكِتَابِ وَالْمُشْرِكِينَ فِي نَارِ جَهَنَّمَ خَالِدِينَ فِيهَا ۚ أُولَـٰئِكَ هُمْ شَرُّ الْبَرِيَّةِ ﴿٦﴾﴾

**واتە: ﴿بەڕاستی ئەوانەی بێ باوەڕ بوون لە خاوەن کتێبەکان و موشریك و هاوەڵگەران دەخرێنە ناو ئاگری دۆزەخەوەو بە نەمری تیایدا بۆ هەمیشە دەمێننەوە، هەر ئەوانەن تاوانبارترین و خراپترینی خەڵکانی سەرزەوی﴾** [البينة:٦].

کاتێك کۆتا پەیامی خودا دابەزی بۆ هەموو مرۆڤایەتی ؛ لەسەر هەموو مرۆڤێکە کە سەبارەت بە ئیسلام وکۆتا پەیامبەر موحەممەد -صلى الله عليه وسلم- دەبیستێت ؛ واجبە باوەڕی پێبهێنێت، وشوێنی شەریعەتی ئیسلام بکەوێت وگوێڕایەڵی پێغەمبەر -صلى الله عليه وسلم- بێت

له فه‌رمان ونه‌هی كردنیدا، بۆیه هه‌ركه‌سێك سه‌باره‌ت به ئه‌م كۆتا په‌یامه ببیستێت ؛ وباوه‌ڕی پێنه‌هێنێت، ئه‌وا الله هیچ شتێكی لێ قبوڵ ناكات وله قیامه‌تدا سزای ده‌دات.

له‌و به‌ڵگانه‌یش له‌سه‌ر ئه‌م باسه؛ خوای گه‌وره ده‌فه‌رموێت:

**﴿وَمَنْ يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَنْ يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾**

**واته: ﴿و هه‌رکه‌سێک ئاینێکی تر په‌یڕه‌و بکات جگه له ئیسلام هه‌رگیز لێی قبوڵ ناکرێت له قیامه‌تیشدا له دۆڕاوه‌کان ده‌بێت﴾** [آل عمران:٨٥].

هه‌روه‌ها خوای گه‌وره فه‌رموویه‌تی:

**﴿قُلْ يَا أَهْلَ الْكِتَابِ تَعَالَوْا إِلَى كَلِمَةٍ سَوَاءٍ بَيْنَنَا وَبَيْنَكُمْ أَلَّا نَعْبُدَ إِلَّا اللَّهَ وَلَا نُشْرِكَ بِهِ شَيْئًا وَلَا يَتَّخِذَ بَعْضُنَا بَعْضًا أَرْبَابًا مِنْ دُونِ اللَّهِ فَإِنْ تَوَلَّوْا فَقُولُوا اشْهَدُوا بِأَنَّا مُسْلِمُونَ ﴿٦٤﴾﴾**

**واته: ﴿(ئه‌ی پێغه‌مبه‌ر ﷺ) بڵێ: ئه‌ی خاوه‌ن نامه‌کان وه‌رن بۆ لای ووته‌یه‌کی ڕاست و (یه‌کسان) له نێوان ئێمه**

**و ئێوەدا کە جگە لەخوا هیچ نەپەرستین وە هیچ شتێک نەکەین بە هاوبەشی وە هەندێکمان هەندێکمان بە پەروەردگار دانەنێین ئەمجا گەر پشتیان هەڵکرد ئێوەش بڵێن: ئێوە شاهێد بن کە ئێمە فەرمانبەردار وگوێڕایەڵ وملکەچی خوداین﴾** [آل عمران:٦٤].

## دەبێت چی بکەم بۆئەوەی ببمە مسوڵمان؟

بۆ هاتنە نێو ئاینی ئیسلام واجبە مرۆڤ باوەڕ بهێنێت بە ئەم شەش پایە:

باوەڕهێنان بە الله -سبحانە وتعالى-، وبەوەی: ئەو ڕۆزیدەر وبەڕێوبەری گەردوون وپادشا وخاوەنداری هەموو شتێکە، وهیچ شتێك وەکو ئەو نییە، وهاوسەر ومنداڵی نییە، وبە تەنها ئەو شایستەی پەرستنە، ونابێت لەگەڵ ئەو هیچ شتێك یان یەکێکی تر بپەرسترێت، وباوەڕی وابێت پەرستنی هەرشتێك یان یەکێکی تر کە دەپەرسترێت جگە لە الله ؛ پوچەڵە.

باوەڕهێنان بە فریشتەکان وئەوان بەندەی الله ن -سبحانە وتعالى-، و لە نور خوڵقێنراون ولە کردەوەکانیان: وەحی دادەبەزێنن بۆ پێغەمبەران.

باوەڕهێنان بە هەموو کتێبە ئاسمانیەکان کە خوای گەورە دایبەزاندوون بۆ سەر پێغەمبەرانی ؛ لەو کتێبانەیش: تەورات

وئینجیل، وكۆتا كتێبی ئاسمانی قورئانی پیرۆز.

باوەڕهێنان بە هەموو پێغەمبەران وەكو نوح وئیبراهیم وموسا وعیسا، وكۆتا پێغەمبەر موحەممەدە -صلى الله عليه وسلم-، ئەوان مرۆڤن وخوای گەورە بە وەحی پاڵپشتیانی كرد وسەریانی خست بە بەخشینی نیشانە وموعجیزەكان پێیان ؛ كە بەڵگەن لەسەر ڕاستگۆییان.

باوەڕهێنان بە ڕۆژی دوایی ؛ كاتێك خوای گەورە لە سەرەتاوە تا كۆتای مرۆڤەكان زیندوو دەكاتەوە، ودادوەری لەنێوان بەندەكانی دەكات، ئیمانداران دەچنە بەهەشتەوە وكافرەكان دەخرێنە نێو دۆزەخەوە.

باوەڕهێنان بە قەدەری الله، وپەروەردگار سەبارەت بە هەموو شتێك دەزانێت لەوەی لە ڕابردوو ڕوویداوە وئەوەیشی لە داهاتوودا ڕوودەدات، وخوای گەورە هەموو ئەمانەی نووسیووە و ویستی لەسەر ڕوودانیان هەبووە، وهەموو شتێكی خوڵقاندووە.

## بڕیارەكە دوا مەخە

دونیا شوێنی مانەوەی هەتاهەتایی نییە...

هەموو جوانیەك تێیدا نامێنێت وهەموو شەهوەتێك دەكوژێتەوە...

وئەو ڕۆژە دێت كە مرۆڤ لێپرسینەوەی لێدەكرێت

لەسەر هەموو ئەو کردەوانەی لە دونیادا کردوویەتی، ئەویش ڕۆژی قیامەتە، خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَوُضِعَ الْكِتَابُ فَتَرَى الْمُجْرِمِينَ مُشْفِقِينَ مِمَّا فِيهِ وَيَقُولُونَ يَا وَيْلَتَنَا مَالِ هَذَا الْكِتَابِ لَا يُغَادِرُ صَغِيرَةً وَلَا كَبِيرَةً إِلَّا أَحْصَاهَا وَوَجَدُوا مَا عَمِلُوا حَاضِرًا وَلَا يَظْلِمُ رَبُّكَ أَحَدًا ﴿٤٩﴾﴾

**واتە: ﴿نامەی کردەوەکان دابەش دەکرێت (دەدرێتە دەستی ڕاستی چاکەکاران و دەستی چەپی تاوانباران) ئەمجا تاوانباران دەبینیت زۆر دەترسن لەو (هەموو تاوان و خراپەی) کە تێیدایە و دەڵێن ئای هاوار بۆ ئێمە ئەم نامە و دەفتەرە چییە؟ هیچ کردەوەیەکی بچووک و گەورەی بەجێ نەهێشتووە و تۆماری کردووە هەر کردەوەیەکیان کردبێت (تیایدا) ئامادەیە و پەروەردگارت ستەم لە کەس ناکات﴾** [الكهف:٤٩].

خوای گەورە -عز وجل- پێمانی ڕاگەیاندووە کە ئەو مرۆڤەی مسوڵمان نابێت؛ چارەنووسی مانەوەی هەتاهەتایە لە دۆزەخدا.

بۆیە خەسارۆمەندیەکی ئاسان نییە بەڵکو گەورەیە، پەروەردگار دەفەرموێت:

﴿وَمَن يَبْتَغِ غَيْرَ الْإِسْلَامِ دِينًا فَلَن يُقْبَلَ مِنْهُ وَهُوَ فِي الْآخِرَةِ مِنَ الْخَاسِرِينَ ﴿٨٥﴾﴾

**واتە: ﴿و هەرکەسێک ئاینێکی تر پەیڕەو بکات جگە لە ئیسلام هەرگیز لێی قبوڵ ناکرێت لە قیامەتیشدا لە دۆڕاوەکان دەبێت﴾** [آل عمران:٨٥].

ئیسلام ئەو ئاینەیە کە پەروەردگار جگە لە پەیڕەوکردنی ئەم ئاینە ؛ پەیڕەوکردنی هیچ ئاینێکی تر قبوڵ ناکات لە مرۆڤەکان.

الله ئێمەی خوڵقاندووە وبۆ لای ئەو دەگەڕێینەوە، وئەم دونیایە شوێنی تاقیکردنەوەیە بۆ ئێمە.

دەبێت مرۆڤ دڵنیا بێت لەسەر ئەوەی: ئەم دونیایە زۆر کورتە وەکو خەوبینینێکی کورت وایە... وهیچ یەکێك نازانێت کەی دەمرێت!

ئایا وەڵامی چی دەبێت بۆ پەروەردگاری ئەگەر ڕۆژی قیامەت پرسیاری لێبکات: بۆچی شوێنی هەق وراستی نەکەوت؟ بۆچی شوێنی کۆتا پێغەمبەر نەکەوت؟

چۆن وەڵامی پەروەردگارت دەدەیتەوە لە ڕۆژی قیامەتدا لەکاتێکدا هۆشداری پێدایت سەبارەت بە سەرەنجامەکانی بێباوەڕبوون بە ئیسلام، وپێی ڕاگەیاندیت کە چارەنووسی

کافرەکان بەرەو دۆزەخە بۆ هەتاهەتایی؟

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿وَالَّذِينَ كَفَرُوا وَكَذَّبُوا بِآيَاتِنَا أُولَٰئِكَ أَصْحَابُ النَّارِ هُمْ فِيهَا خَالِدُونَ ﴿٣٩﴾﴾

**واتە: ﴿وە ئەوانەی کە بێباوەڕبوون و نیشانە و ئایەتەکانی ئێمەیان بەدرۆ زانی ئەوانە هاوەڵ و هاودەمی ئاگرن تیایدا ئەمێننەوە بەهەتاهەتایی وهەمیشەیی﴾** [البقرة:٣٩].

## هیچ پۆزشێك نییە بۆ ئەو كەسەی هەق ڕەتدەكاتەوە وشوێنی باوباپیرانی دەكەوێت

الله -عز وجل- پێمانی ڕاگەیاندووە کە زۆرێك لە خەڵكی ڕەتی دەكەنەوە بێنە نێو ئاینی ئیسلامەوە لە ترسی ئەو ژینگەیەی تێیدا دەژین.

وزۆرێك لە خەڵكی ئیسلام ڕەت دەكەنەوە چونكە حەز ناكەن ئەو بیروباوەڕیان بگۆڕن كە لە باوباپیرانیانەوە بۆیان ماوەتەوە، یان لە ژینگە وكۆمەڵگاكانیانەوە بەدەستیان هێناون، و لەسەریان ڕاهاتوون، زۆرێك لە مرۆڤەكان دەمارگیری بۆ پوچەڵ ڕێگر دەبێت لە باوەڕهێنانیان بە ئیسلام ؛ كە ئەم دەمارگیریە زۆرجار لە باوباپیرانەوە بۆیان ماوەتەوە .

هەموو ئەمانە هیچ پۆزشێکیان نییە بۆ باوەڕ نەهێنان بە ئیسلام، وهەموویان لەپێش خوای گەورە دەوەستن وهیچ بەڵگەیان پێ نییە بۆ بەرگری کردن لە خۆیان.

هیچ پۆزشێك نییە بۆ مولحید کە بڵێت لەسەر ئیلحاد - بێ دینی- دەمێنمەوە چونکە لە خێزانێکی مولحید لەدایکبووم! بەڵکو دەبێت ئەو ئەقڵەی خودا پێی بەخشیووە بەکاریبهێنێت، وتێڕامان بکات بۆ مەزنی ئاسمانەکان وزەوی، وبیر بکاتەوە بەو ئەقڵەی خودا پێی بەخشیووە بۆئەوەی تێبگات ئەم گەردوونە پەروەردگارێکی هەیە، هەروەها ئەوەی بەرد وبت دەپەرستێت هیچ پۆزشێکی نییە بۆ شوێنکەوتنی باوباپیرانی، بەڵکو دەبێت بگەڕێت سەبارەت بە هەق وڕاستی وپرسیار لە خۆی بکات: چۆن بێ گیانێك دەپەرستم کە نابیستێت ونابینێت وهیچ سوودێکی بۆم نییە ؟!

وئەو گاورەی باوەڕی بە شتانێك هەیە کە پێچەوانەی فیترەت وسروشت وئەقڵی مرۆڤن ؛ لەوانەیش باوەڕبوون بەوەی خودا کوڕی هەیە، هەروەها دەبێت پرسیار لە خۆی بکات: چۆن پەروەردگار منداڵەکەی دەکوژێت لەکاتێکدا هیچ گوناهێکی نەکردووە بەڵکو لەبەر تاوانی خەڵکی تر دەیکوژێت؟! ئەمە ستەمە! چۆن مرۆڤەکان دەتوانن کوڕی خودا لەخاچ بدەن وبیکوژن؟! ئایا پەروەردگار توانای ئەوەی نییە لە تاوانی مرۆڤەکان خۆش بێت بەبێ ئەوەی پێویست

بکات وڕێگە بدات بەوەی کوڕەکەی بکوژن؟ ئایا پەروەردگار توانای بەرگری کردنی نییە لە کوڕەکەی؟

واجبە مرۆڤ ژێر شوێنی هەق وڕاستی بکەوێت، ولاسایی باوباپیرانی نەکاتەوە لە پوچەڵدا.

خوای گەورە دەفەرموێت:

**﴿وَإِذَا قِيلَ لَهُمْ تَعَالَوْا إِلَى مَا أَنْزَلَ اللَّهُ وَإِلَى الرَّسُولِ قَالُوا حَسْبُنَا مَا وَجَدْنَا عَلَيْهِ آبَاءَنَا أَوَلَوْ كَانَ آبَاؤُهُمْ لَا يَعْلَمُونَ شَيْئًا وَلَا يَهْتَدُونَ ١٠٤﴾**

**واتە: ﴿وەکاتێک کە بووترێت پێیان وەرن بۆ لای ئەو قورئانەی کە خوا ناردویەتیە خوارەوە و بۆ لای (پێغەمبەر ﷺ) دەڵێن بەسمانە ئەو (ئاینەی) کەباو و باپیرانمان لەسەری بوون ئایا (چاویان لێدەکەن) ئەگەر لە حاڵێکدا باو باپیرانیشیان هیچ شتێکیان نەزانییْ وگومڕابووبن﴾** [المائدة:١٠٤].

## چی بکات ئەو کەسەی کە دەیەوێت مسوڵمان بێت بەڵام دەترسێت لەوەی کەسە نزیکەکانی ئازاری بدەن؟

ئەوەی دەیەوێت مسوڵمان بێت ولە ژینگەی دەوروپشتی دەترسێت، دەتوانێت ئیسلامبوونی بشارێتەوە هەتاوەکو

خوای گەورە ڕێگای خێری بۆ ئاسان دەکات، وبۆی گونجاو دەبێت کە ئیسلامەتیەکەی ئاشکرا بکات.

واجبە لەسەر مرۆڤ دەستبەجێ مسوڵمان بێت، بەڵام واجب نییە مسوڵمان بوونی بە کەسانی دەوروپشتی بڵێت یان ئاشکرای بکات، ئەگەر ئەمە زیانی بۆی هەبێت.

وەبزانە مرۆڤ ئەگەر مسوڵمان بێت ؛ دەبێتە برای ملیۆنەها مسوڵمان، ودەتوانێت پەیوەندیان پێوە بکات لە مزگەوت وناوەندە ئیسلامیەکان لە وڵاتەکەیدا، وداوای ڕاوێژ ویارمەتیان لێبکات ؛ ئەوان بەختەوەر دەبن بەم کارە.

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿...وَمَن يَتَّقِ اللَّهَ يَجْعَل لَّهُ مَخْرَجًا ۝ وَيَرْزُقْهُ مِنْ حَيْثُ لَا يَحْتَسِبُ...﴾

**﴿وە هەرکەسێك خواناس -لە خوا ترس- بێت، خوا دەرووی لێ دەکاتەوە (٢)**

**وە رزق وڕۆزی دەدات لەلایەکەوە کە بەخەیاڵیدا نەهاتووە وبیری لێ نەکردوەتەوە (٣)﴾** [الطَّلَاقِ: ٢،٣].

## ئەی خوێنەری بەڕێز

ئایا خوڵقێنەرت -کە ئەو هەموو نیعمەتەی پێداوویت، وخواردنی پێدەبەخشیت لەکاتێکدا کۆرپەلە بوویت لەناو

سکی دایکتدا وئێستا هەوات پێدەبەخشیت بۆئەوەی هەڵیبمژیت- ؛ ڕازیکردنی ئەوگرنگتر نییە لەلامان لە ڕازیکردنی خەڵکی؟

ئایا بردنەوەی دونیایی وقیامەتی شایستەی قوربانیدان نییە بە هەموو چێژە کاتی وبڕاوەکانی دونیا؟ سوێند بە اللّٰە، شایستەیە!

بۆیە نابێت مرۆڤ بهێڵێت ڕابردووی ڕێگری بکات لەوەی ڕێگا چەوتەکەی ڕاست بکاتەوە، وئەوە جێبەجێ بکات کە ڕاست ودروستە.

با مرۆڤ ئەمڕۆ ببێتە ئیماندارێکی ڕاستەقینە! ونابێت ڕێگە بدات بە شەیتان کە بیوەستێنێت لە شوێنکەوتنی هەق!

خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿يَا أَيُّهَا النَّاسُ قَدْ جَاءَكُمْ بُرْهَانٌ مِنْ رَبِّكُمْ وَأَنزلْنَا إِلَيْكُمْ نُورًا مُبِينًا ﴿١٧٤﴾ فَأَمَّا الَّذِينَ آمَنُوا بِاللَّهِ وَاعْتَصَمُوا بِهِ فَسَيُدْخِلُهُمْ فِي رَحْمَةٍ مِنْهُ وَفَضْلٍ وَيَهْدِيهِمْ إِلَيْهِ صِرَاطًا مُسْتَقِيمًا ﴿١٧٥﴾﴾

**﴿ئەی خەڵکینە بەڕاستی بۆتان هات بەڵگەی ئاشکرا لە پەروەردگارتانەوە، وە ناردمانە خوارەوە بۆتان ڕووناکییەکی**

**ئاشكرا (كە قورئانە) (١٧٤)**

**جا ئەوانەی باوەڕیان بە خوا هێناوە و پشتیان بەو بەستووە ودەستیان گرت بە ئاینەکەیانەوە ئەوە بێگومان دەیانخاتە ناو بەزەیی خۆیەوە و بەهرەو چاکەی (خۆیەوە) وە ڕێنماییان دەکات بۆلای خۆی کە ڕێگای ڕاستە (١٧٥)﴾**
[النساء:١٧٤-١٧٥].

## ئایا ئامادەیت بۆ مەزنترن بڕیاردان لە ژیانتدا؟

ئەگەر هەموو ئەوەی کە باسکرا مەنتیقی بێت، ومرۆڤ هەقیقەتی ناسیبێت لە دڵیەوە؛ ئەوا دەبێت هەنگاوی یەکەم بنێت بەرەو مسوڵمان بوون.

ئەوەی یارمەتی دەوێت سەبارەت بە باشترین بڕیار لە ژیانیدا وڕێنموێنی دەوێت بۆ چۆنیەتی مسوڵمان بوون ؛

نابێت بهێڵێت تاوانەکانی ڕێگر بن لەوەی بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە، خوای گەورە پێمانی ڕاگەیاندووە لە قورئاندا کە ئەو لە هەموو گوناهەکانی مرۆڤ خۆشدەبێت ئەگەر مسوڵمان بێت وتەوبە بکات وبگەڕێتەوە بۆ لای پەروەردگاری، تەنانەت پاش قبوڵکردنی ئیسلامیش سروشتیە کە تووشی هەندێك گوناه بێت ؛ چونکە ئێمە مرۆڤین وفریشتە نین کە هەرگیز سەرپێچی نەکەین، بەڵام داواکراوە کە داوای لێخۆشبوون لە الله بکەین وبۆ لای ئەو بگەڕێینەوە

به تەوبەکردن، ئەگەر خوای گەورە ببینێت کە ئێمە ڕاستەوخۆ ودەستبەجێ هەق قبوڵ دەکەین وهاتووینەتە نێو ئاینی ئیسلامەوە ودوو شاهێدیەکەمان داوە ؛ ئەوا یارمەتیمان دەدا بۆ وازهێنان لە تاوانەکان، ئەوەی بەرەو لای الله بڕوات وشوێنی هەق بکەوێت ؛ خوای گەورە سەرکەوتووی دەکات بۆ خێری زیاتر، بۆیە هەر لە ئێستادا مرۆڤ نابێت هیچ دوودڵ بێت لە هاتنە نێو ئاینی ئیسلامەوە.

لەو بەڵگانەیش لەسەر ئەم باسە؛ خوای گەورە دەفەرموێت:

﴿قُلْ لِلَّذِينَ كَفَرُوا إِنْ يَنْتَهُوا يُغْفَرْ لَهُمْ مَا قَدْ سَلَفَ...﴾

**واتە: ﴿(ئەی پێغەمبەر ﷺ) بڵێ: بە ئەوانەی کە بێ باوەڕ بوون ئەگەر کۆتایی بهێنن (بەبێ بڕواییەکەیان) بەڕاستی (خوا) دەبورێت لەهەرچی لەوەو پێش کردوویانە﴾** [الأنفال:٣٨].

## چی بکەم بۆئەوەی ببمە مسوڵمان؟

هاتنە نێو ئاینی ئیسلام کارێکی زۆر ئاسانە، وپێویستی بە هیچ ڕێورەسمێکی فەرمی وئامادەبوونی هیچ یەکێك نییە، تەنها لەسەر مرۆڤە کە هەردوو شاهێدیەکە بدات - شایەتومان بهێنێت- بە زانست وباوەڕبوون بە واتاکەی،

ئەمیش بەووتنی: (أشهد أن لا إله إلا الله وأشهد أن محمدًا رسول الله) واتە: (شاهێدی دەدەم هیچ پەرستراوێك شایستەی پەرستن نییە بە هەق وڕاستی جگە لە الله وشاهێدی دەدەم موحەممەد پێغەمبەری خودایە)، ئەگەر کرا بە زمانی عەرەبی بیڵێیت باشترە وئەگەر قورس بوو ئەوا تەنها بە زمانەکەی خۆت بیڵێیت بەسە وبەم شێوەیە مسوڵمان دەبیت، پاشان دەبێت ئاینەکەت فێر بیت کە سەرچاوەی بەختەوەریتە لە دونیادا وهۆکاری ڕزگاربوونتە لە قیامەتدا.

بۆ زانیاری زیاتر سەبارەت بە ئاینی ئیسلام؛ ئامۆژگاریت دەکەم بە سەردانیکردنی ئەم ماڵپەڕە:
https://byenah.com/ku/discover-islam

https://quranenc.com/ku/home/redir/?iso_code=ku

بۆ فێربوونی چۆنیەتی پەیڕەوکردنی ئاینی ئیسلام، پێشنیار دەکەم سەردانی ئەم ماڵپەڕە بکەیت:

https://byenah.com/ku/muslims

# پێڕست


کێ گەردوونی خوڵقاندووە؟ وکێ منی خوڵقاندووە؟ وبۆچی؟...... ٢
پەروەردگاری خوڵقێنەر ومەزن.......................... ٥
-ئەم پەروەردگارە کە خوڵقێنەر ورۆزیدەرە ؛ اللە یە -سبحانە وتعالی ........................................................................... ٥
سیفەتەکانی پەروەردگاری خوڵقێنەر .......................... ٧
پەروەردگاری پەرستراو خاوەنی کامڵترین سیفەتەکانە............. ٩
بۆچی ئەم خوڵقێنەرە مەزنە ئێمەی خوڵقاندووە؟ چی لە ئێمە دەوێت؟........................................................... ١٣
بۆچی چەندەها پێغەمبەر هەیە؟ ............................ ١٨
مرۆڤ نابێتە ئیماندار هەتاوەکو باوەڕ دەهێنێت بە هەموو پێغەمبەران.......................................................... ١٩
ئایا قورئانی پیرۆز چییە؟.................................. ٢٢
ئایا ئیسلام چییە؟ ......................................... ٢٣
ئیسلام ڕێگای بەختەوەریە .................................. ٢٦
چی سوودێك بەدەست دەهێنم ئەگەر بێمە نێو ئاینی ئیسلامەوە؟ ........................................................................ ٢٨
تووشی چی خەسارۆمەندی وزیانێك دەبمەوە ئەگەر پەیڕەوکاری ئاینی ئیسلام نەبم؟............................................ ٣٠
ئەوەی دەیەوێت ڕزگاری بێت لە قیامەتدا ؛ دەبێت بێتە نێو ئاینی ئیسلامەوە وشوێنی پێغەمبەر موحەممەد بکەوێت -صلی اللە علیە وسلم-. .......................................................... ٣١
دەبێت چی بکەم بۆئەوەی ببمە مسوڵمان؟ ..................... ٣٥
!بڕیارەکە دوا مەخە ........................................ ٣٦

هیچ پۆزشێك نییە بۆ ئەو کەسەی هەق ڕەتدەکاتەوە وشوێنی باوباپیرانی دەکەوێت ........................................... ٣٩
چی بکات ئەو کەسەی کە دەیەوێت مسوڵمان بێت بەڵام دەترسێت لەوەی کەسە نزیکەکانی ئازاری بدەن؟ .................... ٤١
ئەی خوێنەری بەڕێز ........................................... ٤٢
ئایا ئامادەیت بۆ مەزنترن بڕیاردان لە ژیانتدا؟ .................... ٤٤
چی بکەم بۆئەوەی ببمە مسوڵمان؟ ............................... ٤٥

***

جمعية خدمة المحتوى
الإسلامي باللغات

-